کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-5-2007 13:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆهاوڕێی شاعیرم عبدالرحمان بێلاف... هۆنراوەی شالاو

پێشکەشە بە هاوڕێی شاعیرم عبدالرحمان بێلاف کەلە تەقینەوەکەی مەخمور بریندار بوو...



چیتان نەهێشت کە نەیکوژن... !
مانگتان بە ڕووتی سەربڕی و
زەویتان لە خوێندا سوور کرد. !
هەرشیعر مابوو بیکوژن..،
ئەستێرەکانی ئاسمانیش
تاوانی ئێوە دەناسن
لۆرکاتان کوشت
پەپوولەتان کوشت
دەریای تاوانتان قووڵ کردو
دەستی ڕەشتان
بەخوێنی هەزار گوڵ
سوور کرد
دەتانەوێ دڵی بێ لاف بوەستێنن.. ؟
چیتر شیعری لێ نەبارێ.. !
دەتانەوێ لەشی بێلاف،
بکەن بە سووتوو و خۆڵەمێش.. ؟
هەتا چیتر
وەک کرێوە لەئاسمانی پشکۆی شیعر
نێتە خوارێ.. !
دڵنیا بن
هەموو دونیا بکەن بە ئاگرو بە بارووت
پەنا ببەن..،
بۆ سێدارەو بۆ تەنافیش
نەشعرتان پێ دەکوژرێ نە بێ لافیش.. !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.